وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٢٨٩١
ڕێکەوت : ٢٨ / ٨ / ٢٠٢٢

---

## بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.١٩- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی**

**( ڕێگا سازی بۆ چوار ڕیانی خانقین-پەروێزخان-مەیدان-کەلار-لە گوندی صالح اغا سەر بە ناحیەی قۆرەتوو )**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـادەکراوە لە لایەن (بەڕێـوەبەرایەتی ڕێگاوبـانی گەرمیـان) , لە سـەر بـودجەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان/ ئیـدارەی گەرمیـان ساڵی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٢٠٠ ) دوو سەد ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جـێ بەجـێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (سێ شەممە ٣٠ /٨ /٢٠٢٢ )ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (یەک شـەممە ١٨ / ٩ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ ) ی سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ٢٠٠,٠٠٠) دوو سـەد هەزار دینـار کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( سێ شەممە ٢٠ / ٩ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٣٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەســەر تەنــدەری پــرۆژەکە دەتــوانن ســەردانی ئیــدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( ٢ تا ٦ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان ..

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

رامیار عبدالرحمن احمد
ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان